

# ژنان لەسەر کارکردنیش ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە

ئا: سانا سلێمان

**لەبەر ئەوەی خوشکە بێوەژنەکەی بڕیاریداوە کاربکات و بەسەربەرزی بژی و لای براکەی کارەکەی ڕەتدەکرێتەوە، هەڵدەکوتێتە سەری و دەست دەکات بەلێدانی هەتا کار دەگاتە ئەوەی لە نەخۆشخانە بکەوێت.**

(ف) پیاوکی تەمەن ٤٠ ساڵەی خێزاندەرەو دانیشتووی کەرکوکە و پیشەی شوفێرە لەگەڵ (م)ی برای، سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠١١/٤/٦ نزیکەی کاتژمێر ٩ بەیانی دەچێتە ماڵی خوشکەکەی لەهەولێر کە لەگەڵ منداڵە تەمەن ٤ ساڵەکەی بەتەنیا دەژی، داوای لێدەکات بگەڕێنەوە کەرکوك، بەڵام (س)ی خوشکی داواکەی قبوڵ ناکات و نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ کەرکوك، بەڵام (ف،م) دەڵێت «دوای ئەوەی خوشکەکەم داواکەی منی ڕەتکردەوە، منیش بەشەق و بۆکس لێمدا تا بە زۆر هاویشتمە ناو ئۆتۆمبێلێك بۆ گەراجم بردوو ویستم بگەڕێینەوە کەرکوك، چونکە خوشکەکەم لەهەولێر تەنیا لەگەڵ کوڕە تەمەن ٤ ساڵانەکەی لە خانوویەك دەژی و بێوەژنە، ئەمەش بۆ بنەماڵەی ئێمە ناگونجێت، بەڵام خوشکەکەم لە ئاسایشی بازگە خۆی ڕادەستی ئەوان کرد و ئێمەیان دەستگیر کرد.

جێگەی ئاماژە پێکردنە «خوشکی ئەو پیاوە خاوەن ئارایشگای ئافرەتانە و ئەو پیاوە پێیوایە کارکردن لە ئارایشگا لەگەڵ دابونەریتیان ناگونجێ!!! چونکە خوشکیان شەرەف و ناموسی ئەوانە و دەڵێت» ئەو کارەی ئەو دەیکات و ئەو جل و بەرگانەی لەبەری دەکات ئێمە قبوڵمان نییە، بۆیە لەخوشکەکەم دا تا واز لەو کارانە بێنێت، چونکە ئەو شەرەف و ناموسی ئێمەیە».

(س،م) تەمەن ٢٤ ساڵە بێوەژنە و کوڕێکی تەمەن ٤ ساڵانی هەیە و خاوەن ئارایشگایە و بەسەرهاتەکەی بەمجۆرە بۆ گێڕاینەوە و وتی: «لە ماڵی خۆم لە دەرگا درا، چووم بینیم دووبراکەم بەناوی (ف و م) کەوتنە گیانم و لێیاندام وتیان دەبێت خۆت کۆبکەیتەوە بچینەوە کەرکوك، من ڕازی نەبووم ئینجا تەنیا (ف) بەدار لێی دام، (م) یش وەستابوو سەیری دەکرد و قسەی نەدەکرد» بەهۆی ئەوەی براکەی هێرشی کردۆتە سەر لە ماڵەوە ڕایکردووە، بەڵام لە دەرەوە دەستگیر کراوە بەزۆر خستویانەتە ناو ئۆتۆمبێل تا گەراج ڕۆیشتوون لەوێ بە ئۆتۆمبێلێکی تر چوونەتە کەرکوك کەچی (س) نەیویستوە بگەڕێتەوە، بۆیە لە بازگەی کەرکوك دێتە خوارەوە پەنا بۆ ئاسایشی بازگە دەبات. (س) دەڵێت «براکەم لەماڵ دەستی شکاندم و زۆری لێدام بە دەمانچە ویستی بمکوژێت و پێی وتم (دەتکوژم) لە کۆڵت دەکمەوە، بەڵام (م)ی براکەی ترم ڕێگەی لێگرت و نەیهێشت تەنیا لەبەر ئەوەی من لە ئارایشگا کاردەکەم و لەگەڵ کوڕە بچووکەکەم بەتەنیا دەژیم، لەسەر ئەوەش من لە براکەم خۆش بووم و دەیبوورم و لە سکاڵاکەم پاشگەزبوومەوە.

عەمید خەیرەدین شەهابەدین بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر و دەوروبەری دەڵێت «لە ٢٠١١/٣/٦ ئاگاداریان کردینەوە کە کاتژمێر (١) پاش نیوەڕۆ بنکەی پۆلیسی دارەتوو دوو کەسیان تەسلیم بە بنکەکەمان کردووە کە خوشك و برا بوون بە تۆمەتی لێدان، هەر لە هەمان ڕۆژ (س)مان نارده نەخۆشخانە و چارەسەری پێویستی بۆ کرا، پاشان دوای لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەوت، کێشەکەیان لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی خۆیانە کە براکەی بەهەندێك هەڵسوکەوتی خوشکەکەی ڕازی نییە، ئینجا بەپێی ماددەی (٤١٣) کە مادەی لێدانە، (ف) لە زیندانی بوو تا ٢٠١١/٤/١٢ مانگ، تا (س) هات لە سکاڵاکەی خۆی خۆشبوو کە لەدژی براکەی کردبووی و ئێمەش هەستاین بە ئازادکردنی براکەی.

ئەمەل محەمەد جەلال

# تاکسیەکان بۆخۆیان دەدوێن، ئافرەتانیش دەترسن

***

**کاتێك بەشەقامەکاندا ڕێدەکەین تاکو ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی دەبینین چەندان تاکسی کرێ دەبینین کە مانای ئەوەیە خەڵکانێکی زۆر بەدوای پەیداکردنی ژیانی ڕۆژانەیانن لەرێگەی تاکسییەوە، بەهەمان شێوە چەندان لە هاووڵاتی دەبینین کە دەست ڕادەدێرن بۆئەوەی کە بە تاکسییەکان بڕۆنە شوێنی مەبەست کە بەشێکی زۆریش لەم هاووڵاتیانە ئافرەتانن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەموو شۆفێرەکان بەدوای ژیانی ڕۆژانەیاندا دەگەڕێن بۆخۆیان و منداڵەکانیان؟ ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری ترمان لادروست دەبێت.**

***

**« کە زانیویەتی من لە قوتابخانەی کچان دەوام دەکەم هەلەکەی قۆستبۆوە»**

ڕۆژێك بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە شۆفێرێکی تاکسی هەبێت بەو شێوە ناشرینە مامەڵە لەگەڵ ژناندا بکات، چونکە داوای ئەوەی لێکردم کە ژمارە تەلەفۆنەکەی پێبدەم، منیش جنێوم پێداو لە تاکسیەکەی دابەزیم، ئەمە وتەی (بەناز عومەر عارف)ی خوێندکاری ئامادەیی بوو، باوەڕیشی وابوو کە بۆ ساڵێك دەچێت چەندین جار بە تاکسی چۆتە قوتابخانە تائێستا یەکجار تووشی ئەو حاڵەتە بووە، ئەویش کە زانیویەتی من لە قوتابخانەی کچان دەوام دەکەم هەلەکەی قۆستبۆوە کە بەو شێوەیە داوام لێبکات، بەڵام من قبوڵم نەکرد، هەروەها وتی لەدوای ئەو جارەوە بڕیارمداوە کە تەنیا بە شۆفێرێکی تایبەت هاتووچۆ بکەم کە هەرکاتێك ئیشم هەبوو تەلەفۆنی بۆ دەکەم و دێت بەدوامدا، چونکە دراوسێمانە.

**«ماجیکێکی دەرهێناو ژمارەی مۆبایلەکەی لەسەر ئاوێنەکەی ناوەوە نووسی»**

ڕۆژێك لەگەڵ هاوڕێکەمدا لەکاتی هێنانەوەی وێنەکانمان لەدوکانی وێنەگرێگ بەتاکسیەك بۆماڵەوە دەڕۆیشتینەوە لەبەرئەوەی کە لەناو تاکسیەکە سەیری وێنەکانمان دەکرد و هەندێکجار پێدەکەنین شۆفێری تاکسییەکە ئەم هەلەی قۆستەوەو ماجیکێکی دەرهێناو ژمارەی مۆبایلەکەی لەسەر ئاوێنەی ناوەوە نووسی و مەبەستی ئەوەبوو کە ئێمەش بینووسین و پاشان تەلەفۆنی بۆبکەین، ئەمە وتەی (ڕێناس کەریم ئاسۆ) بوو، وتیشی پێم سەیرە دەبێت ئەو جۆرە کەسانە خاوەنی خوشك و هاوسەری خۆیان نەبن، بەڵام دیارە متمانەیان بەئەوانەی خۆشیان نییە ئەگەرنا بەو شێوەیە مامەڵە ناکەن، بۆچوونیشی وابوو کە ئەم دیاردەیە ڕوو لەزیادبوونەو دەبێت حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ ئاگادری ئەم حاڵەتە بێت.

**«دەبێت ئەوەش بزانین کە ئافرەتیش هەیە خۆی مەسەلەیەك دەکاتەوەو بەدەم شۆفێرەکەوە پێدەکەنێت»**

من وەکو شۆفێرێکی تاکسی کە ٨ ساڵە کاری تاکسی دەکەم ئێستاش ژمارەی ٦ ئافرەتم لایە کە خۆیان تەلەفۆنم بۆدەکەن بۆئەوەی لەگەڵ مندا هاتووچۆ بکەن، ئەمە وتەی (جەبار تۆفیق محەمەد)ی تەمەن ٣٩ساڵ بوو، باوەڕیشی وابوو کە ئافرەت هەبووە لەگەڵی سواربووە باسی ئەوەی کردووە کە تووشی شۆفێری وەها بووە ویستویەتی کێشەی بۆ دروستکات، دەبێت ئەوەش بزانین کە ئافرەتیش هەیە خۆی مەسەلەیەك دەکاتەوەو بەدەم شۆفێرەکەوە پێدەکەنێت و ئیتر ئەویش وادەزانێت ئەمە بۆ ئەوەیە کە پێوەندی لەگەڵدا ببەستێت، هەروەها وتیشی بوونی شۆفێری ژن بۆ ئیشی تاکسی بەپێویست دەزانم هەرچەندە قەناعەتم وایە کە لەمەودوا بەسروشتی خۆی ژنیش شۆفێری تاکسی دەکەن.

**« ئەگەر ئافرەتەکە دەرگای نەکردەوە بۆ قسەکردن و زۆر گوێی بە شۆفێرەکە نەدا، ئیتر ئەویش ناتوانێت بەو شێوەیە بێت»**

ئەمە وتەی (ژیان ئەحمەد حەسەن)ی توێژەری کۆمەڵایەتی بوو، باوەڕیشی وابوو کە دەبێت قوتابخانە و ڕاگەیاندن ڕۆڵی خۆیان لەم پێناوەدا بگێڕن لەبەرئەوەی مامۆستا لەقوتابخانە تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن وانەکەی پێبڵێ و لەکۆڵ خۆی بکاتەوە بەبێ ئەوەی فێری پەروەردەی جوان و تەندروستی بکات، بەداخەوە ڕاگەیاندنیش نەیتوانیوە مامەڵەیەکی گونجاو لەگەڵ بینەرەکانیدا بکات بەشێوەیەکی گشتی، لەوڵاتان هەموو گۆرانیبێژێك بۆی نییە گۆرانییەکانی لە شاشەکانەوە دابەزن یان ئەوانەی کاریگەری لەسەر بەهای ئایندەی منداڵ دروستدەکەن.

**«جاری واهەیە دوای تێپەڕبوونی حەوت هەشت تاکسی ئەوسا دەست بۆ یەکێکیان ڕادەدێرم»**

زۆرجار شۆفێریی تاکسی هەبووە کە هۆڕنی بۆ لێداوم تەنیا لەبەرئەوەی کە بەجۆرێك جلوبەرگم پۆشیوە وادەزانن بەم جلوبەرگانەوە خاوەن کەسێتییەکی نزممان هەیە، ئەمە قسەی کچە خوێندکاری زانکۆ (ناز فاروق زرار) بوو کە هەندێکجار بە پاسی رزگاری نارواتەوەو ناچارە تاکسی بگرێت، هەندێکجار هەبووە ترساوم و نەمتوانیوە تاکسی بگرم بەتایبەتی کە ئێوارانی درەنگ بێت، جاری واهەیە دوای تێپەڕبوونی حەوت هەشت تاکسی ئەوسا دەست بۆ یەکێکیان ڕادەدێرم، چونکە دەڵێم ئەمەیان باشە و ئەوی تریان لەوانەیە باش نەبێت، هەروەها وتیشی شۆفێری واش هەیە کە هەر حەز دەکەیت لەگەڵی سواربیت و تەنانەت لەبەر کەسێتی خۆی تەسجیلەکەش دەکوژێنێتەوە.

# ژن و پیاوێکی ئەمریکی و بەریتانی لە عەینکاوە دزییان لێکرا

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە گۆڤاری گوڵان لەسەرچاوەیەکی پۆلیسی هەولێر پێیگەیشتووە لە٢٠١١/٤/١٧ ژن و پیاوێکی ئەمریکی کە لەهەولێر دەژین لە ناحیەی عەینکاوە لە ماڵەوە دەردەچنە دەرەوە تا دەگەڕێنەوە ماڵەوە دزییان لێدەکرێت.

پیاوەکە ناوی تۆماس لۆك بارت بوو کە بەرەگەز بەریتانییە و ژنەکەش بەناوی کورتنی دیسماسە بە رەگەز ئەمریکییە. ئەو دووانە ژن و مێردن و لەپۆلیسی نەهێشتنی تاوانی هەولێر سکاڵایان هەبوو؛دادخوازان ڕایدەگەیەنن هەردووکیان کاتژمێر ١٠ و ٣٠ خولەکی بەیانی لەماڵەکەیان دەرچوونەتە دەرەوەو ماڵەکەیان قفڵ داوە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ ماڵ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بینیویانە کە دزیان لێکراوەو بڕی ١٨٠٠٠ دۆلاریان لێدزراوە.

ئەو ژن و مێردە گومانیان خستووەتە سەر خاوەنی ئەو خانووەی کە بەکرێ گرتوویانە لە عەینکاوە، چونکە تەنیا ئەو پیاوە کلیلی ماڵەکەیانی هەیە. هەروەها سکاڵاشیان لەدژی دوو لە کەسی ناسراو کە ئەو ژنە و مێردە دەیانناسن تۆمارکرد، لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەی نەهێشتنی تاوان بڕیاری دەستگیرکردنی تاوانبارن و هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداوەکە کراوە.





# ژنی دووەمی بەسەردەهێنێت و هەڕەشەی کوشتنیشی لێدەکات

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست گۆڤاری گوڵان کەوتون کە لەسەرچاوەیەکی پۆلیسی هەولێر دەستیخستوون، لە ٢٠١١/٤/١٨ ژنێك پەنای بردووەتە بەر بنکەی پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر، چونکە ئەو ژنە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لەماڵ دەرکراوەو بەبێ ڕەزامەندی ئەویش ژنی دووەمی بەسەر هێنراوە.

ئەو ژنە کەناوی (ر.ك)ـە لەدایکبووی ١٩٧٢ و دانیشتووی قەزای دەشتی هەولێرەو ژنی ماڵەوەیە. بەگوێرەی وتەی خۆی ١١ مانگە لەلایەن مێردەکەیەوە لەماڵ دەرکراوەو هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت. ئەو ژنە ئاشکرای دەکات کە هاوسەرەکەی بەناوی (س.ع) ژنی دووەمی بەسەر هێناوە لەکاتێك بەپێی یاسای باری کەسی هەرێم ڕێگەنادرێت ژنی دووەم بەبێ ڕەزامەندی ژنی یەکەم بهێنرێت، مەگەر لەچەند مەرجێکی دیاریکراو نەبێت: کە ئەو ژنە نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت یان ژنی یەکەم بەرەزامەندی خۆی لەدادگا بیەوێت کە پیاوەکەی ژنی دووەمی بەسەر بهێنێت. لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری دەستگیرکردنی ئەو پیاوە درا بە ماددەی ٤٣٢ لە یاسای سزادانی عێراق.

# خراپ بەکارهێنانی مۆبایل

بەپێی زانیاری گۆڤاری گوڵان لەناوەڕۆکی سکاڵای پیاوێك بەناوی (ع.ا) کە لە بنکەی پۆلیسی شەمامك تۆماریکردووە هاتووە، کە خێزانەکەی لەترسی ئەوەی هەڕەشەی دانانی پێوەندی خۆشەویستیان لێکردووە، ماڵی جێهێشتووەو دیارنەماوە.

(ع.ا) دانیشتووی ناحیەی شەمامکە لە سنووری پارێزگای هەولێر ئەو خێزاندارەو خێزانەکەی بەناوی (ش.ع) و پێنج منداڵی هەیە. بەپێی ئەو سکاڵایەی کە ئەو پیاوە لە ٢٠١١/٤/١٢ لەبنکەی پۆلیسی شەمامك تۆماریکردووە خێزانەکەی



لەترسی چەند هەڕەشەیەکی پێوەندی مۆبایلی چەند کەسانێك رایکردووە کە داوای پێوەندی خۆشەویستیان لێکردووە



# تەرمی ژنێک
# بە فڕێدراوی دۆزرایەوە

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە گۆڤاری گوڵان دوێنێ لەسەرچاوەیەکی ئاگاداری پۆلیسی هەولێر دەستیخستووە لە گوندی کەرەزی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی سەر بە قەزای دەشتی هەولێر تەرمی ژنێك دۆزراوەتەوە کە لەسنووری ئەو گوندە فڕێدرابوو.

ئەو ژنە کەتەمەنی لە نێوان ٣٠ بۆ ٣٥ ساڵ بوو جلێکی رەشی ئافرەتانی لەبەر بوو لەناو بەتانیەکی رەنگی شین پێچرابوو لە کەندەڵانێك فڕێدرابوو و هیچ بەڵگەنامەیەکی لەگەڵ تەرمەکە جێنەهێڵدرابوو. دوای رەوانەکردنی تەمی ژنەکە بۆ پەیمانگای پزیشکی دادی هەولێر پەراوێکی بۆ رێکخراو رەوانەی بەردەم دادگای هەولێر کراو لەوێوە بڕیاردرا کە بەدوای سۆراغی ئەو کەسە بگەڕێن تا خێزانی دەدۆزرێتەوە. تا ئێستا نەزانراوە ئەو تەرمە لەسەرچی بە کوژراوی لەو شوێنە فڕێدراوەو لەدادگادا کەیسێکی تایبەتی بۆ کراوەتەوە کە بزانرێت ئایا ئەو کەسە کێیەو لەسەر چ کشێیەك وای بەسەر هێنراوە.

# هەڕەشە لە خانمێک دەکات



ئەگەر ئامادەنەبێت ئەو کارە بکات، ئەوا دەیرفێنن.

ئەو پیاوە کە سەرجەم زانیاریەکانی لە پۆلیس تۆمارکردووە لە ناوەڕۆکی سکاڵاکەی هاتووە کە ژمارەی مۆبایلی خێزانەکەی لەلایەن ئافرەتێکی خزمیانەوە بڵاوکراوەتەوە بەناوی (ق.ع) و بەو هۆیەوە زیاتر لە ٥ کەس بەژمارەی مۆبایلی کوڕەك تیلیکۆمەوە داوای پێوەندی خۆشەویستی و رفاندنیان لە خێزانەکەی کردووە.


ئەو پیاوە ئێستا سکاڵای لە دژ ئەو ئافرەتەی خزمیان تۆمارکردووە. دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری داوە کە (ق.ع) ئامادەی دادگا بکرێت، بەپێی سکاڵای ئەو پیاوە تا ئێستا سۆراغی ژنەکە نەزانراوە بۆ کوێ رایکردووە.

# گومانی هەیە خێزانەکەی ماددەی هۆشبەر بەکاربهێنێت

گومانی هەیە هاوسەرەکەی لەلایەن چەند کەسێکەوە ئاڵودەی ماددەی هۆشبەر بوویێت، ئەمە بەگوێرەی ناوەڕۆکی ئەو سکاڵایەیە کە پیاوێك بەناوی (پ.م)، لەیەکێك لە بنکەکانی پۆلیسی هەولێر ئەو سکاڵایەی لەدژی برای ژنەکەی تۆمار کردووە کە گوایە ئەو تووشی ماددەی هۆشبەری کردووە.

هاوسەری ژنەکە بەناوی پ.م، سکاڵای هەبوو لە دژی برای خێزانەکەی بەناوی ئـ.ع، چونکە ماوەی ٥ مانگە خێزانەکەی بردووەتە لای خۆی و ژیانی لەو تێکداوە، ئەو پیاوە لەکاتی سکاڵاکەی لەلایەن پۆلیسەوە گومانی لە برای ژنەکەی دەربڕیوە بۆ پۆلیس کە ئەو برای خێزانی ئاڵودەی ماددەی هۆشبەر کردبێت و گومانیشی هەیە کە خێزانەکەی لەرێگەی ئەو برایەی فێری ئەو کارە بوویێت کە ٥ منداڵی لێ هەیە.

لەبەر ئەوەی ماڵی باوکی خێزانی ئەو پیاوە لە کەلارە و ژنەکە ئێستا چووەتە کەلار، لەلایەن دادگای هەولێرەوە بڕیاردار کە هاوپێچی دۆسیەکە بنێردرێتە دادگای لێکۆڵینەوەی کەلار تا لێکۆڵینەوە لەم کارە بکات و تاوانباران دەستگیر بکرێن...



# خۆدوورخستنەوەی ئافرەتان لەبواری ریكلامدا



كچان رۆڵێكــی ئەوتۆیان نییە لە ریكلامی كــوردی، بۆیــە تاوەكو ئەمــڕۆش ریكلامــی كــوردی پێشكەوتنێكی بەرچاوی بەخۆوە نەبینیــوە، زۆرێــك لەكچان لاوازی جــۆری و بیرۆكەی ریــكلام بەهــۆكار دەزانن بۆ خــۆ دوورخســتنەوەیان لەو بوارە. حەیدەر ســادق بەڕێوەبــەری كۆمپانیای ریكلامی جانۆ ماوەیەكی زۆرە بــە دوای كچێــك دەگەڕێت بۆ ئــەوەی لە ریكلام رۆڵ بگێڕێت، بەڵام دەســتی ناكەوێت. حەیدەر دەڵێت «كچان خودی خۆیان باوەڕیان بــە كاری ریكلام كــردن نییــە». ریكلامی دەنگ ٣٠ تا ٤٠ هەزار پاداشتەكەیەتی، ئەگەر زمانی عەرەبی بزانێت، بەڵام تەنیــا زمانی كــوردی بزانێت ١٥ تا ٢٠ هەزارە، لە ڕیكلامی ڤیدیۆیی ئەگەر كچەكە شارەزایی و ناوبانگــی هەبێت، لە ریكلامێكی یــەك چركە لەپێنج گەڵا زیاتر وەردەگرێــت، ئەگــەر كچەكە ناوبانگی نەبێت، ئــەوە لە دوو گەڵا زیاتر وەرناگرێت. حەیدەر ســادق پێیوایە ئەو بڕە پارەیەی كە كچان لەبەرامبەر بەشداری كردنی ریكلامێك وەریدەگرن زۆر كەمە .

## گلەییم لە كچان هەیە بەشداری ریكلام ناكەن

كۆمەڵگەی كوردی هەر لە كۆنەوە بەوە ناســراوە كە ئافرەتان شــان بەشــانی پیــاوان كاردەكەن، بەڵام كۆمەڵێك كار هەن كە لەســەردەمی پێشــكەوتن هاتووەتە نێو كۆمەڵگەی كوردەواری كە پێویستە ئافرەتیش رۆڵــی تێدا هەبێت كــە زۆرجار ئافرەتان خۆیان بەشــداری ئەو كارانە ناكەن.

هێرۆ مەولودی ئەو كچە راگەیاندنكارەی كە لە بواری ریكلام كار دەكات بەشــداری لە ریكلامی بیستن و بینین كردووە و گلەیی لە ئافرەتان دەكات كە خودی خۆیان نایەنە پێشــەوە بۆ ئەوەی رۆڵیان هەبێت لە بواری ریكلام و خۆیان هەوڵیان نەداوە كۆمەڵێك رەچەڵەك هەیە بیشــكێنن، راســتە كۆمەڵگە هەندێكجار تێڕوانینی هەڵەی هەیە، بەڵام ئێســتا ئەو بیروبۆچوونانە كاڵبۆتەوە، هێرۆ دەڵێت «ئەو بڕە پارەیەی كە بەشــداربوو لە بەرامبەر یەك ریكلام وەریدەگرێت زۆر بەباشــی دەزانێت، چونكە ئەو بڕە پارەیەی كــە لە چەند چركەیەكی ریكلام بەدەستی دێنن لە ئاستی مانگانەی فەرمانبەرێكە».

## كەسانی پسۆرمان نییە لە ریكلام

لە هەموو جیهان ریكلام تایبەتە بەو كۆمپانیانەی كە كەسانی پسپۆر كاری تێدادەكەن، بەڵام لای ئێمە كەسانی پسپۆر و خاوەن بڕوانامە لە بواری ریكلام زۆر كەمە، هەر بۆیەش ریكلام لە ئاســتێكی لاواز ماوەتەوە و بۆتە كارێك كە ئافرەت بەگرنگی نەزانێت تا رۆڵی تێدا بگێڕێت. ئیبراهیم حاجی ســالح مامۆســتای راگەیاندن شارەزا لە بواری ریكلام دەڵێت «رێكلام لای ئێمە بیرۆكەكانی زۆر ســادەیەو هیچ پێشــكەوتنێكی بەخۆیــەوە نەبینیوە، كە ئەمــەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی كە ریكلام دەكەن كاری ئەوان نییە و شارەزایی و پسپۆریان لەو باریەوە نییە، پێویستە ئەو كەســانەی ریكلام دەكەن بێن سوود لە ئێمە و كتێبەكانی ریكلام وەرگرن، چونكە بازاڕی ریكلام بازاڕێكی زۆر كاریگــەرە». هەندێك رۆڵ هەیە لە ریكلامكردن پێویستە ئافرەت بیبینێت، چونكە ئەو كاڵاكە تایبەتە بەئافرەت، مامۆســتا ئیبراهیم پێیوایە ئێمە كۆمەڵگەكەمان داخراوە بۆیە هێشــتا لە مانای ریكلام نەگەیشتوون، ئافرەت تەنیا وەكو كاڵایەك ســەیردەكەن، لەهەموو جیهان هەوڵدەدەن بۆندی ریــكلام لەگەڵ كەســایەتییە مۆر بكەن بۆ ئەوەی ئــەو ریكلامە زۆرترین داهاتی هەبێت، بــەڵام لای ئێمە زۆر بەداخەوە ئەوەی بەشــداری لــە ریكلام بكات بە چاوێكی نزم ســەیردەكرێت. ئافرەت حەقی خۆیەتی بەشــداری ریكلام نەكات ئەو ئەكتەرانەی لە بواری ریكلام بەشداری دەكەن و ناســراون لەلایەن خەڵكەوە، خۆیان بەشــداری نەكردنی ئافرەت لە ریكلام لە ناو كوردستان بەباش دەزانن. ئەیام ئەكــرەم هونەرمەندی كۆمیدی كە بەشەمۆ ناسراوە، پیشەی سەرەكی ئەو بەشێكە لە ریــكلام و دەڵێت «بەداخەوە ریكلام هیچ نرخێكی پێنەدراوە، چونكە كەسایەتیەكی وەك من كە لەناو خەڵك ناسراوم و شارەزاییم لە بواری ریكلام هەیە، ئینجا لە هــەر ریكلامێك لە ٢ تا ٣ گەڵا زیاترم پێنادەن، ئەو ئافرەتانەی كە لەگەڵ من بەشــداری ریكلام دەكەن لە من كەمتر وەردەگرن، چونكە من پیاوێكی خۆشەویستم لەناو خەڵك».

## ریكلام ڕێنمایی بۆ دەردەكرێت

ریكلام لە كوردســتان زیاتر وەك پڕوپاگەندەی لێهاتووە، بۆیە ئافرەتیش تا ئێســتا هەســتی بەوە نەكردووە گرنگە ناوبانگی لەریكلام هەبێت، هەر لەو باریەوە بۆ رێكخستنی ریكلام وەزارەتی رۆشنبیری هەستاوە بە دەركردنی كۆمەڵێك سیستەم و رێنمایی بــۆ دەركردنی ریــكلام. هەڵگــورد عبدالوهاب بەڕێوەبەری بەشی راگەیاندن لەوەزارەتی رۆشنبیری دەڵێت «هەوڵمانداوە لە ڕێنماییەكان هەندێك مادده تۆمار بكەین كە نزیك بێت لەو پێوەرە گشــتیانەی كە لە دنیا پەیڕەو دەكرێت كە نابێت بەهیچ جۆرێك ریكلام بۆ كاڵایەك بكرێت دژ بە كاڵایەكی تر یان دووربێــت لە بەها ئەخلاقی و كۆمەڵایەتیەكان یان پەیامی پێچەوانەوە بداتە كۆمەڵگە».

# کچان ئارەزووی گۆڕینی قژیان بەگوێرەی وەرزەکان دەکەن



قژ تاجی ســەری ئافرەتانە، بۆیە ئافرەتان بەردەوام حەز بەگۆڕینی رەنگی قژیان بەگوێرەی مۆدێلی سەردەم دەکەن، مۆدێلی ئەم وەرزە مێشی سوور و زەردە، چونکە ئەم ڕەنگانە لەم وەرزە پێست فێنك دەکات، بۆ وەرزی زستانیش مۆدێلی ڕەنگە تۆخەکانە، چونکە پێست گەرم دەکات.

رەنگی قژ بەگوێرەی وەرزە

خاوەن ئارایشتگای بەیرووت دەڵێت «مۆدیلی ئەو وەرزە مێشی سوور و زەردە زۆربەی ئافرەتان دێن بۆلامان ئەو رەنگە داوادەکــەن، ئێمەش زانیاریمان لەبارەی مۆدیلەکانی قژ زۆرە، بۆیە ئەوەندەی لەتوانامانــدا بێت گرنگییان پێ دەدەین و بەجوانی ئیشــەکەیان بۆ دەکەیــن». ئافرەتان خۆیان دەســتکاری قژیان دەکەن هەندێك ئافرەت هەن خۆیان لەماڵەوە ئەم کارە دەکەن و نازانن بەڕێکی بیکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی سووتانی قژیان. گۆڕینی رەنگ و ستایلی قژ پێویستی بە شارەزایی هەیــە، بۆ نموونە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە لەماڵەوە خۆیان چاکی دەکەن جاری وا هەیە چەند ڕەنگێك تێکەڵ بەیەکتر دەکەن و تەواوشــێوەی قژەکە دەگۆڕن. ئەو خانمە دەڵێت «ئەو ئافرەتانەی کە لە ماڵەوە خۆیان دەســتکاری قژیان دەکەن دوای تەواو تێکچوونی قژیان دێنەوە بۆ لای ئێمە بۆ شووشــتنەوە و رەنگ گۆڕین یان هەرشێوەیەکی تربێ، ئێمەش ناچارین بەگوێرەی ئەو توانایەی قژەکە چارەسەریان بۆ بکەین».

ئا: بەهرە سدیق

# چۆن خۆت لە گرفتی لاوازی سێکسی دوور دەخەیتەوە

وەرزش لەهەموو رووییەکەوە سوودی بۆ جەســتەی مرۆڤ هەیە،وەرزش بەگشتی کاریگــەری زۆری هەیە بۆ چالاککردنی ئەنجامدانی سێکسی و بەتایبەتیش لەلایەن گەنجانەوە، سەرەتا ئەگەر لەلایەن کەسێکەوە وەرزش بکرێت پێویستە لەلایەن وەرزشوانێکی شــارەزای ئەو بــوارەوە بەرنامەی تایبەت بۆ کەســەکە دابنرێت تا تووشی گرفتی سێکسی نەبێت، چونکە زۆرجار ئەنجامدانی وەرزشــێکی قورسی ســەروو وزەو توانای کەســەکە، دەبێتە هۆی لاوازی سێکسی. راهێنەری نێودەوڵەتی و جێگری سەرۆکی لەشــجوانی عێراق و ســەرۆکی یەکێتی ناوەندی لەشــجوانیی کوردستان مامۆستا (بورهــان عەلی) دەربارەی ســوودەکانی وەرزش بۆ چالاککردنی کرداری سێکسی دەڵێــت «لەکاتی ئەنجامدانی وەرزشــدا هاتووچۆی خوێن لەجەستەدا چالاك دەبێت و وا لە کەســەکە دەکات کە هیمۆگلۆبین لەخوێندا زۆربێت، ئەمــەش دەبێتە هۆی زیادکردنی ئارەزووی سێکســی و فرێدانی ســپێرمی باش، لەو کاتەشــدا ئەو پیاوەی وەرزش بــە ڕێکوپێکــی دەکات منداڵەکانــی دوور دەبن لە شێواوی». وەرزشکردن سوودی هەیە بۆ ئافرەتان بورهان وتیشی «ئامۆژگاری ئافرەتــان دەکەم کە خۆیــان دووربخەنەوە لە ســەیرکردنی گرتەی سێکســی بۆ ئەوەی ئارەزووی سێکســییان زیادبێت، چونکە ئەو کردارانــە وا لەو ئافرەتە دەکات لە دوارۆژدا تووشــی گرفتی سێکسی بێت و چێژ لەو کــرداره وەرناگرێت و تووشــی ئاڵۆزی دەروونی دەبێت، تەنیا وەرزش کردنێکی تەندروست بەگوێرەی ئەو بەرنامەیەی بۆیــان دادەنرێت کە لەماوەی یەك هەفتــە ئەنجامی بــدەن، خۆیان هەســت دەکــەن کە لــە ڕووی سێکســییەوە چەندە گۆڕاون و دوور دەکەونەوە لەلاوازی و گرفتەکانــی سێکســی،چونکە وەرزش کاریگەری لەســەر ئارام بوونەوەی دەروونــی کەسەکەش دەبێت..

